**ئاریان ئومێد عارف**

**ئیمان عوبەیدییەکانی ئێمە کەی دێنە دەنگ؟!**

ئیمان عوبەیدی ئەو کچەعەرەبە لیبییەی کە رۆژی 26 ی ئازار لە راگەیاندنەکانی هەمو جیهانەوە ویژدانی هەمومانی هەژاند. ئیمان دوای ئەوەی خۆی ئەکات بە یەکێک لە هۆتێلەکانی تەرابلوسی پایتەختی لیبیا، لە کاتێکا کە ئەزانێت لەو هۆتێلەدا چەندین رۆژنامەنوسی بییانی میوانن. ئەو هەلە دەقۆزێتەوەو هەر لەوێ ئەو بەسەرهاتە دڵتەزێنە بۆ چاوی کامێراکان دەگێرێتەوە، کة 15میلشیا لة میلیشیاکانی قەزافی بەرامبەری بە شێوەیەکی زۆر دڕندانەو وەحشیگەرانە چەندین جار دەستدرێژیی سێکسییان کردۆتە سەری و بە چەند کەسێک لە ماوەیەکی کورتداو بەدوای یەکدا لاقەیان کردوە، کە هەمویان سەر بە دەسەڵاتە گەندەڵ و دیکتاتۆرییەکەی قەزافی بون.
پێم وا نیە کەسێک ئەو دیمەنەی بەرچاو کەوتبێت و هۆن هۆن فرمێسکی نەباراندبێت. ئیمان عوبەیدی ئەو کچە لیبییەی کە لەم رۆژانەدا لە شاشەی تیڤیەکانمانەوە بە فرمێسک و هاواروناڵەی پڕ لە ئازارییەوە دەرکەوت. لەگەڵ ناڵەو هاواریيا، ئازارێکی قوڵ بەدی ئەکرا کە هیچ مرۆڤێکی خاوەن ویژدان و کەرامەت نەیئەتوانی فرمێسکەکانی لەبەردەم وتەکانی ئەودا رابگرێت.

دەنگ و هاوارو قیژەی پڕ ناسۆری ئیمان و راپێچکردن و پەلکێشکردنی لە لایەن پیاوەکانی قەزافییەوە لەبەردەم هەمو رۆژنامەنوسە بیانییەکانا، بەڵگە بو بۆ راستی و دروستیی ئەو روداوەی کە ئیمان باسی لێوە ئەکرد. ئەوەی جارێکی تریش وتەکانی ئیمانی پشتراستکردەوە، ئەو پێشنیارانەی دواکەوتوەکانی قەزافی بو، لە زێرو زیوو سەروەت و سامان ، سەیارەو خانو بۆ خێزان و کەسوکاری ئیمان، لەبەرامبەر پاشگەزبونەوەو پەشیمانبونەوەی ئیمان لە هەمو ئەو وتانەی لەبەردەم راگەیاندنە جیهانیەکاندا داویەتی.
ئەوەی کە لێرەدا ویژدانی منی زیاتر ئازاردا، بیرکردنەوەبو لەو ئیمان عوبەیدییانەی کوردستان، تۆ بڵێی ئەوانەی ئێمەش وەکو ئەو خانمە بەجەرگە ، جورئەت و بوێرییان پێبێت وئەم هەلەی ئێستا لە ئارادایە، ئەم نارەزایی و خۆپیشاندانەی ئەمرۆی شەقام بقۆزنەوەو ئازایانە بێنە دەنگ و پڕ بە گەروی نارەزایی و بە توندی بەرەنگاری ئەو زوڵم و زۆرداری و پێشێلکارییانە ببنەوە کە دەرهەق بە شەرەف و کەرامەت و مرۆڤایەتی ئەوان کراوە؟
کێ ئەتوانێ سوێند بخوات و بڵێت ئێمە لە ژێر سایەی حوکمەتێکی دزو گەندەڵ و پیاو کوژدا، سیستەم و دەسەڵاتێکی داوێن پاک و نەزیهمان هەیە؟ کێ ئەتوانێت سوێند بخوات کە سیستەمێک هەمو ناشیرینییەکانی ئەم دونیایە ئەیگرێتەوەو بەبەڵگەوە دزی و گەندەڵیی و پیاوکوژیی بەسەردا ئیسپات ئەبێت، بەڵام لە روی ئەخلاقی و داوێنپاکییەوە هیچ پەڵەیەکی بەسەرەوە نابینرێت؟! من دڵنیام کە ئێستا چەندین ئیمان عوبەیدیمان هەیە و هەمان جورئەتیشیان تێدایە بۆ ئیعترافکردن و هاتنە دەنگیان، بەڵام بەو مەرجەی کۆمەڵگا لە ئێستاوە پشتگیریی تەواوی خۆیان بۆ بسەلمێنێت، ئێمە کە هێشتا لە کۆمەڵگایەکی داخراودا ئەژین و ئەقڵی خێڵەکی و بنەماڵەیی و پیاوسالاریی باڵادەستەو بە هەمو پێوەرێک و لە زۆربەی هەرە زۆری دامو دەزگاو سەنتەرو ناوەندێکییا پیاو حوکم ئەکات وپیاو بڕیار بەدەستە، ئیتر چۆن دەیان ئیمان عوبەیدیمان نایێت؟
مەرج نیە شێوازی ئەو لاقە کردنە یان ئەو دەستدرێژییە سێکسییە هەمان شێوازو رێگاکانی میلیشیاکانی قەزافییان گرتبێتە بەر، رەنگە ئەمانەی کوردستان رێچکەو ریگای تایبەت بەخۆیان هەبێت بۆ گەیشتن بە هەمان مەرام. بۆیە لێرەوە ئەگەرێمەوە بۆ زانیارییەکانی ئەو راپرسییەی دیسەمبەری ساڵی 2009 کە لە لایەن رێکخراوی پۆینتەوە بەئەنجام گەیەنرا لەم راپرسییە دا کە هەوڵیان داوە بە بێ لایەنی و بە شێوەیەکی زانستی ئەنجامی بدەن، کە (1000) هەزار کچ و ژنی کارکەر لە هەموو تەمەنێک و چین و ئایین و مەزهەب و نەتەوەیەک (کورد، تورکمان، کلدوئاشووری، عەرەب و ئەوانی دیکە) و لە هەردوو رەگەز لە هەر (5) پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، کەرکووک، دهۆک و مووسل) بەشدارییان تیایدا کردووە

ئەنجامەکانی ئەم راپرسییە ئەوەیان ئاشکەرا کرد کە زۆربەی ئەوانی هەوڵی تەحڕوشی سێکسی دەدەن خاوەن پایەی بەرزن لە ئاستی فەرمانبەری دا، بۆیەش (69.3%)ی بەشداربووانی ئەم راپرسییە جەختیان لە سەر ئەوە کرد کە ئەوان تەنها لە لایەن ئەو کەسانەی پلەی فەرمانبەرییان بەرزترە تووشی تەحڕوشی سێکسی دەبن، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە خاوەن پلە بەرزەکان پلەکانیان بۆ ئەم مەبەستە بە کار دەهێنن دژی ئەو کچ و ئافرەتە فەرمانبەرانەی لە پلەکانی نزمترن، ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندی نێوان بەڕێوەبەر وفەرمانبەرەکان دا لە نێو زۆربەی زۆری فەرمانگەکانی کوردستان دا. زۆر رون و ئاشکرایە کە لە کوردستان کێ و کام لایەن و کام حیزب زۆرترین کورسی و پلەو پایەی بەرزی هەیە، کەواتە بە پشتبەستن بەم ئامارەو چەندین چیرۆکی ستەمکاری و بەدرەوشتو بەسەرهاتی جۆراوجۆر لێرەو لەوێ کە رۆژانە بەر گوێمان دەکەوێت، کە لە لایەن دەسەڵاتداران و بەرپرسانی کوردەوە دەرهەق بە ژنان و کچانی ئێمە دەکرێت لە نێو دەزگا حیزبی و حکومیەکاندا. بۆیە دڵنیام کە ئێمەش لە کوردستان بە دەیان ئیمان عوبەیدیمان هەیەو پێویستە لەسەر کۆمەڵگا کە هاوکاری و پشتگیری تەواوی خۆیان بۆ ئیمان عوبەیدییەکانی کوردستان دوپات بکەنەوەو بانگهێشتیان بکەن بۆ هاتنە دەنگ و تکا ئەکەم لە خۆپیشاندەران کە پشتگیری تەواوی خۆیان بۆ ئەو بەشە ستەملێکراوەی کۆمەڵگاکە دوپات بکەنەوەو رێزو پاڵپشتییان بۆ بگێرنەوە